**بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان**

**هەرێمی كوردستانی عێراق**
**سەرۆكایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

## بـــەنـاوی گـەلـەوە
## بـــڕیـــــار
## ژمارە ( ٣٧ ) ساڵی ٢٠٠٧

## یـــاســـای پـــشكنینی بۆمـــاوەیی خـــوێن
## (كـــەم خوێنی دەریـــــای ســـپی نـــاوەڕاســت ـ تەلاســیمـیا ـ ) پێش هاوسەرگیریی

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی لە بڕگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی یاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان – عێراق ژمـارە (١)ی ســـاڵی ٢٠٠٥ ی هەمـــواركراو پێمان دراوەو، بە پاڵپشتی ئەو یاساكارییەی ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان – عێراق كردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (١٩) لە ٢٠٠٧/١١/٥ بریارماندا بە دەركردنی:

## یاسای ژمارە(٣٠ )ی ساڵی ٢٠٠٧
## یاسای پشكنینی بۆماوەیی خوێن
## ( كەم خوێنی دەریای سپی ناوەڕاست ـ تەلاسیمیا ـ ) پێش هاوسەرگیریی

**مـاددەی یەكەم:**

پـشكنینی تـەواوی شێوەی خوێن پـێش ئەنجامدانی گرێبەسـتی هاوسـەرگیریی دەكرێ و لـەكاتی گومان پەیداكردن لە بوونی نەخۆشی كەم خوێنی دەریای سپی ناوەڕاست ((تەلاسیمیا)) كە لە ڕێگەی بۆماوەییەوە دەگوازرێتەوە ئەوسا پشكنینی خوێنی تایبەت بەو نەخۆشیە دەكرێ.

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**مـاددەی دووەم:**

بنكـەی تەندروسـتی تایبـەت بـە لێكۆڵینـەوەی ئەنجامـەكانی پـشكنینی تاقیگـەیی هەڵدەسـتیٚ و لەبارێكی كە دەركەوت ئەوانەی داوای بەستنی هاوسەرگیرییان كردووە تووشی ئەو نەخۆشیە بوون. ئەوا راپۆرتێك رێك دەخریٚ و توندیی نەخۆشیەكە و رێـژەی (واتە ژمارەی منداڵەكان) كەوا چاوەڕوان دەكرێت لە ئەنجامی ئەو هاوسەرگیری یە تووشی ئەم نەخۆشی یە بن ،ئەنجامی بۆماوەیی سەلبـی ئەو هاوسەرگیرییە پێشكەش بە هەردووكیان وبەو لایەنە دەكرێت كە داوای پشكنینەكەی كردووە و ئەمەش بۆ مەبەستی هوشیاركردنەوە و رێنمایی كردن دەبێت.

**مـاددەی سێیەم :**

پێویستە لەسەر دادگاكان هیچ گرێبەستێكی هاوسەرگیریی جێبەجیٚ نەكەن تاكو راپۆرتی ناوبراو لە ماددەی دووەم لەم یاسایەدا پێشكەش نەكەن و لە بارێكدا كە راپۆرتەكە نەخۆشیەكەی دەسنیشان كردبوو، دەبیٚ ناوەڕۆك و ئەنجامەكەی لە داواكارانی هاوسەر گیرییەكە بگەیەندریٚ.

**مـاددەی چوارەم:**

پێویستە وەزیری تەندروستی رێنمایی پێویست بۆ ئاسانكاریی جێبەجیٚ كردنی حوكمەكانی ئەم یاسایە دەربچوێنی.

**مـاددەی پێنجەم:**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەكان حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبەجیٚ بكەن.

**مـاددەی شەشەم:**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بلاوكردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی كوردستان) دا جیٚ بەجیٚ دەكریٚ.

**مسعود بارزانی**
**سەرۆكی هەرێمی كوردستان-عێراق**

**هەولێر**
١٩/سەرماوەز/ ٢٧٠٧ كوردی
١٠/كانوونی یەكەم / ٢٠٠٧ زایینی
٣٠ /ذو القعدة/ ١٤٢٨ كۆچی

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

## هۆیە پێویستەكانی دەرچوواندنی ئەم یاسایە

سەبارەت بەوەی كــە نەخــۆشی (تەلاسیمیا) زیــانی مــاددی وتەندروستی دەروونی بە هەموو ئەندامانی كۆمەڵگا دەگەیەنیٚ وباری سەرشانی دەوڵەت بە كارو بە خەرجی دارایی گران دەكات و لە پێناوی كۆنترۆل كردنی ئەم نەخۆشی یە و بۆ دانانی رادەیەك لە بەردەم بڵاوبوونەوەی بۆ نەوەكانی دا هاتوو و لە پێناوی هوشیار كردنەوە و رێنمایی داواكارانی هاوسەرگیریی بۆ ئەنجامە سەلبیەكانی كە لەم جۆرە هاوسەرگیرییە دەكەونەوە و لە پێناوی خولقاندنی نەوەیەكی هوشیار و ساغی دوور لە نەخۆشی یە بۆماوەیی یەكان (الوراثي) ئەم یاسایە دەرچوێنرا.

ئــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كــــــوردستان
www.mojkurdistan.com